# مەترسی کەمبوونەوەی جۆرەکانی بوونەرە زیندووەکانی سەر زەمین



سەباح شامایا

کۆمەڵەی ئاژەڵداری بەریتانی لە لەندەن لە گۆڤارەکەی ڕایگەیاند لەساڵانی حەفتاکان لە سەدەی پێشوو ٣/١ ی گیانلەبەرانی لە دەست دا، هەروەها وتی ژمارەی جۆرەکانی کە لەسەر زەمین دەژیان، ٢٥٪ ی کەم بووەوە و ٢٨٪ ی جۆری دەریایی ئەمیش ڕێژەی دابەزیووە.

هەروەها ئامارەکان زانیاری نوێیان دەرخستووە، کەرەگەزی مرۆڤە ڕۆژانە ١٪ ی لە جۆرەکانی تر لە دەست دەدات، واپێدەچێت ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین بەرەو نەمان هەنگاو دەنێین وەک ئەوەی لە گۆڤارەکە هاتووە.

دیسان هەمان گۆڤار باس لەوەی دەکات هۆکارەکەشیشی پیس بوونی ژینگەو بڵاوبوونەوەی کێڵگەی بەخێوکردنی گیانلەبەران و زیاد بوونی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ ڕاوکردنی زێدەڕۆیی بە تایبەتی گیانلەبەرانی دەریایی لە جۆرەکانی ماسییەکاندا یە.

لەم جۆرانەی کەزیانی کەورەی پێگەپشتووە جۆرەکانی دەریایین چونکە ژمارەیان زۆر دابەزیوە بەرێژەی ٣٨٪ لە (١٠) ساڵەی رابردوودا (١٩٩٥-٢٠٠٥) .

هەروەها ژمارەی باڵندەکانی دەریایی بەرێژەی ٣٠٪ کەم بووتەوە لە ناوراستی حەفتاکاندا وەژمارەی باڵندەی سەر زەمین بە ڕێژەی ٢٥٪ کەمبووتەوە .

ئەم ئامارە لە سەر ژیانی بوونەرە زیندووەکان بڵاوو بوونەوە بەر لە بەستنی کونگرە لەمەڕ گیانلەبەران لە شاری (بۆن) ی ئەڵمانی.

کونگرەکەش بۆیەکەم جار لەساڵی ٢٠٠٣ بەستراوە، ئامانجەکەی ڕاگرتن وکەم کردنەوەی زیانەکان بووە کەمەترسیەکەی ژیانی ئاژالداری لەسەر زەمین گرتۆتەوە، ئەم وڵاتانەی ئەندامن لە کونگرەکە بەڵێنیان داوە بە ڕاگرتنی ڕێژەی زیانەکان لە بوونەوەرە زیندووەکان تاکو ساڵی (٢٠١٠) .

ئەم مەترسییانەی ئاماژەمان پێکرد مەترسی گەورەی لە سەر ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەتایبەتی ئەو گۆرانکارییانەی لەسەر کەش و هەوادا هەیە کە هەرەشەیێکی گەورەیە لە سەر ژیانی رووی سەر زەمین لە (٣٠) ساڵەی داهاتوودا.

کۆمەڵەی ناوبراو داوا دەکات گەربێت و ڕێگاچارەیەک نەدۆزرێتەوە کاریگەری ڕاستە وخۆ لە سەر ژیانی ڕووی سەرزەمین بەتایبەتی لە سەر رەگەزی ئادەمیزاد دەبێت.

بەرپرسێکی گەورەی کۆمەڵەکە رایگەیاند: کەم بوونەوەی ڕێژەی بوونەرە زیندووەکان بەومانایە دێت ملیۆنەها کەس دوارۆژیان ترسناک دەبێت لە ڕووی دابین کردنی خۆراک بۆیان، هەرورەها درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت کەس بۆی نی یە رزگاری بێت لە کاریگەری کەم بوونەوەی ئاژەل و زیندووەکانی تر بەگشتی لە جیهاندا، ئەمە لەلایەکی تریشەوە زیاد بوونی مەترسییەکانی سروشت وکاریگەری قەتیسس بوونی گەرمی کاریگەری ترن کە لەبەردەم ژیانی مرۆڤ سەری هەڵداوەتەوە .

پەیڤێك:

# بۆ چلەی ماتەمینی هونەرمەندی جوانەمەرگ

هونەرمەندی شێوەکار، شێروان تۆما لە ١٩٧٤/٢/٢٨ لە بناری سەفینی سەکەش و لەناو جەرگەی باغ وباخچەکانی شەقلاوە چاوی بە دونیا هەڵێناوە، هەر لەوکاتەوە جوانی دڵرەفێنی دیمەنەکانی کوردستان وشاخ وکێو و دەشتە ڕەنگینەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لە پەرەسەندنی بەهرەکەی. ئەو بلیمەت وناودارو بەهرەمەندانەی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان خزمەتێکیان بە گەلەکەیان کردووە بێگومان هەرگیز لە یاد لە بیرناکرێن و دەبنە بەشێک لە دێروک و فەرهەنگی گەلەکانیان کەهەمیشە شانازییان پێوەدەکرێ.

هەزار حەیف ومخابن ژیان لە هەستی بیستن و بەهرەی ئاخاوتن بێ بەش کردبوو، هەر لەبەر ئەمەش بواری بۆ نەرەخسا بچێتە بەر خوێندن، بەڵام بە توانا و هەستی هونەری خۆیە کۆمەڵێک بەرهەمی دیارو بەرچاوی پێشکەش بە مێژووی هونەری گەلەکەی کردووە.

هونەرمەندی نیگارکێش وشێوەکاری لێهاتوو شێروان تومای جوانەمەرگ لە هەرە زۆری ئەو پێشانگانەی کە لەشەقلاوە سازکرابوو بەشداری کردووە هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ تاکو ساڵی ٢٠٠٨ لە ڕۆژی ڤیستیڤاڵی یادی ئازاد کردنی شەقلاوە بە (٣) تابلۆی سەرنج ڕاکێشی کەژاوەی (پێکەوەژیان) ی رازاندبووەوە.

بەڵام سەدمخابن لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١ پەرە مووچەکەی ئەو هونەرمەندە رەسەنە لە نێوان پەنجەکانیدا لە جوولە کەوت، بەڵام دڵنیاین بەرهەمەکانی هەتاهەتایە بەنەمری لە دڵی هەمواندا دەمینێتەوە.

هەزاران سڵاو وەک رێز و نەوازش لە شەهیدانی هونەرو سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی .



شێروان تۆما

# لە ساڵیادی کۆچی دوایی (حەسەن زیرەک)ی نەمردا

ئا / فەوزی سولاقا



لە (٢٦) ی مانگی حوزەیرانی رابردوودا (٣٦) ساڵی بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی رەسەنی کورد حەسەن زیرەک تێپەربوو، گۆرانییەکانی بوونەتە قوتابخانەیەکی هونەریی گۆرانی کوردی وە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی کورد لاسایی گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە گەورەیەیان کردووە .

لە ساڵی (١٩٢٦) لە شاری (بۆکان)ی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دایکی ناوی (ئامینە)یە کە لەدوای زیرەک هێندە نەژیاوە کۆچی دوایی کردووە.

لە ساڵی(١٩٥٣)دا لە ڕێی (پێنچوین)ەوە هاتۆتە کوردستانی باشوور و چۆتەئێزگەی کوردی بەغدا و لەوێ دامەزراوە، تاوەکو ناوەراستی مانگی تەمووزی (١٩٥٨) لە ئێزگە گۆرانی گوتووە، نزیکەی (٥٦) گۆرانی لەوماوەیەدا تۆمارکردووە، ئینجا هەر لە ساڵی (١٩٥٨) دا گەراوەتەوە ئێران و هەر لەوساڵەوە لەئێزگەی کوردی (تاران) دەستی بەکاری هونەری خۆی کردۆتەوە و لەو ماوەیەدا (میریای زەندی) خواستووە و لەو ژنەی دووکچی بووە (ئارەزوو وساکار).

لە ساڵیَ(١٩٦٦)دا نامیلکەیەکی بەناوی (چریکەی کوردستان) چاپ کردووە، کە بریتییە لەژیاننامەی خۆی کە بە هۆنراوە نووسیویەتی پێناسەی مۆسیقاو شازدە گۆرانی خۆی کردووە.

هونەرمەندمان لە رۆژی (٢٦/ ١٩٧٢/٦) دا لە بۆکان کۆچی دوایی کردووە، یەکەمجار لە شاری بۆکان نێژراوە، بەڵام دواتر لەسەر راسپاردەی خۆی لەسەر گردی (تاڵە شکێن)ی بەرامبەر بە شاری بۆکان دەینێژنەوە.

بەڵام دەنگە خۆشەکەی بە زیندوویی ونەمری دەمینێتەوە.

# پیرۆزە شاووشکا



سخەریا شەعیا مەنسوور*

گۆڤاری شاووشکا وەکو گۆڤارێکی زانستی وپێشکەوتوو بۆماوەی حەوت سال ڕێگای خۆی دۆزیتەوە وشوێنی خۆی کردووتەوە لە نێودڵ ومێشکی هەموو مرۆڤێکی هەست بەیەکسانی وهێنانی دی مافی ئافرەتان وهەروەها دەرگای ساڵی هەشتەم دەکاتەوە بەهەنگاوی توند وبروایەکی زیاتر بەو ڕێگایە کەلەسەری دەروات بۆ تەواو کردنە پەیامی پیرۆزی خۆی بۆ بلاو کردنەوەی زانستی ژیان ویارمەتی دانی ئافەرەتان وبەلکو پیاوانیش بۆ بەشدار بوونیان لەهەلمەتی بنیاتنان بەبێ هیچ جیاوازیەک، بنیاتنانی ئینسان وکۆمەڵ، لێرەدا، ئەمەوی جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە پێویستە و بەبێ کەم تەرخەمی ئاسانکاریەکی زۆر ویارمەتی هەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بدرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابین کردنی هەموو پێداویستەکانی بۆ بەخێوکردنی منالانیان و دامەزراندنی مەلبەندی کۆمەلایەتی وزانستی وپێداویستیەکان بۆ ئەوەی لەبێ کاری رزگاریان بێت و هەروەها گەشە پێدانی باری ژیانیان و ئاگاداریان بکرێت لەرێی خولی ڕۆشنبیری لەسەر ئەو گورانکاریانە کەجیهان بەخۆدەبینێت و زۆر بەپێویستی دەزانم کەپلانێکی زانسی دابرێژرێت بۆ لابردنی نەخویندەواری ناو ئافرەتان کەرێژەیەکی گەلەک زۆرە لەناو کۆمەلەکەمان کەئەمە بەهەنگاوێکی سەرەکی دەبینین بۆ هەموو گورانکارێک لیرەدا وەکو خوێندەوارێک دەست خۆشی لەدەستەی نووسەران دەکەم هیوادارم هەردەم لە پێشەکەوتن دابن و پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی دەکەم وتەمەن درێژ و بەردەوام بوون بۆ گوڤارەکە و دەستەی نووسەران وهەموو کارمەندان دەخوازم بۆ خزمەتی ئافرتان وبلاوکردنی رۆشنبیری کۆمەل بەهەموو بوارەکان لە نێو ئافرەتان تاکو رۆلی خۆیان ببێن لە چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی دیموکراتی و یەکسانی و پێکەوە ژیان و پەروەردە کردنی منالان پەروەردەیەکی ڕاست و بەسوود .

* بەڕێوەبەری قوتابخانەی یەزداندوخت

# مەپرسە لە من



مامۆستا عەدنان ئیلیا شەقلاوەیی

مەپرسە لە من لە کوێم و لەچ دینم؟
مەپرسە!! لە بروانامە و ئاستی خوێندنم (خۆێنیم)
مەپرسە!! لە من لە کام توێژو چینم
مەپرسە!! لە کام پارت و ڕێچکەی . ژینم
مەپرسە!! لە گەل کێ یە؟؟ هەڵس و کەوتوو رۆینم
مەپرسە !! جۆری جل وبەرگ و شێوەی ژینم
بپرسە لە ڕەنگی قەلەم وتێنوسینم
بپرسە لە رەنگی داڵدەر. ئەوینم
بپرسە ئاخ و . چی ئەکا. . رۆژ بە رۆژ هەستی برینم
بە چی شێواوە هەست وبیرو بینیم.
ئەی مرۆڤی سەردەمی. پێشکەوتن
سەردەمی زانستی دەراو نەخشین
بەئامێری تازە تر لە زەرەبین
تەکنە لۆژیایی هەموو بوارەکان
دەت خاتە خەیالێکی گێژاو
ئاخ ۆ چاوەرێ ی چیتر ببم لە ژین
جگە لەوەی کەدەبینم!! چیتر نابینم!!
بێ بەزەیی وبێروحمی دڵ . بێ ئیمانی یە
سەردەم!! تاریک و ساردو سڕە پێخەوینم!!
ماڵی ژینم . بێ نازو بێ باکم لە هاوسەری خۆم!
مەخمورم ناکە جامی شەرابی رۆحیم.
بوم بە موزمنی مژینی تەم وخەمی ژین
بیرلە قیامەت ئەکەم هەموو ڕۆژێ
چاو لە وەرگەرانی سەرەو لێژی گەردونم
من!! چاو لە روخانی ئاسمانی شینم من!!
چاوە رێ ی نقوم بونی زەوی لەدەریا ئەکەم. من !!
چاوە رێ ی هاتنی (مونتەزەرم) . من !!
چاو لە خەو ناکەم . نەبادە نەبینم. من !!
ئەم هەموو بەسەرهات و عەجباتە. من . من !
دەست لەسەر دڵ. چاو لە ئاسمان ئەکەم . من .

# پۆزش

لە ژمارەی (٣٢) ی رابردوو رۆژنامەکەمان بابەتێک لە سەر نووسەر و کەسایەتی گەلەکەمان خوالێخۆشبوو مامۆستا حەننا ئەنتوان لە نووسینی بەرێز جەمیل عیسا بڵاوبووەوە چەند هەڵەیەک لە نووسینی بەروارەکان لەبەر چەند هۆیەکی هونەری ئەنجام درابوو، داوای لێبوردن لە نووسەرو خوێنەرانی ئازیز دەکەین.

لەگەل رێزدا ..

دەستەی نووسەران